# موسیکی کوردی ...

نوسینی ئاهورا زەردەشتی و ... داستان سەید..!
زاگرۆس زەردەشتی .کردوویە بە کوردی.

پێشەکی
بەخۆشییەوە ویستم دیمانەیەکی کورت لەگەڵ ئاهورا و داستاندا بکەم. بەداخەوە کات نەرەخسا کە داستان ئامادە بێت، بەلام بە باشم زانی کە لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ ئاهورا بدوێم.
پێشەکی دەتوانی خۆت بە خوێنەران بناسیت.
ئاهورا... من ناوم ئاهورایە، تەمەنم 15 سالانە لە سوید لە شاری ستۆکهۆڵم لە دایک بووم، باوکم خەڵکی کوردستانە و دایکم خەڵکی فینلەندایە.
ئێستا لە پۆلی چەندی...؟ لە کلاسی 9 یەمم.
با پرسیارکت لە بارەی موسیکە لێبکەم. ئایا خۆت هیچ جۆرە ئامێرێکی موسیک دەژەنی..!
ئاهورا... بەڵێ من بۆ خۆم ماوەی شەش سالان خەریکی فێربوونی ئامێری کەماچە بووم، مامۆستاکەم ناوی مارگەرێتە بوو، مامۆستایەکی زیرەک و دلۆڤان بوو.
بەلام ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە وازم لە ئامێری کەمانچە هێناوە.
ئەی ئێسا ئامێرێکی تر دەژەنیت..؟
ئا....ئێستا خەرکی فێربوونی ئامێری ( ساز)م مامۆستاکەم مامۆستایەکی تورکە، بەلام زۆربەی ئاوازەکان کوردین.
باشە بۆ ئامێری سازت هەڵبژاد..؟
ئاهورا.. لەراستیدا ئامێری ساز ئامێرێکیی کوردییە، زۆربەی ئەو میلۆدیانەی پێدەژەنرێت کە رۆژانە گوێبیستیان دەبم. واتا ئاوازە کوردیەکان.
باشە لە کاتێکدا تۆ کە لە سوید لە دایک بووی ... باکت کورد و دایکت فینلەندیە. تۆ خۆت بەکامیان دەزانیت..؟
ئاهورا...راستە من لە سوید لە دایک بووم، سوید ولاتی منە، فیلانداش ولاتی منە بەلام من وا هەست دەکەم رەگی من لە کوردستانە. من بەوەش دڵخۆشم کە ئەم ولاتانە هەمووی ولاتی منە.
بابێینە سەر ئەوەی بۆچی و هۆی چی بوو. ئەو نوسراوەتان لە سەر مۆسیکی کوردی نووسی...؟
ئاهورا... لەراستیدا دەبوو بۆ قوتابخانە بابەتێک ئامادە بکەین. من و داستانی هاورێم، بریارماندا کە بابەتەکە لەسەر موسیکی کوردی بێت. لەبەر ئەوەی کە ویستمان موسیکی کوردی بە قوتابخانەکەمان ئاشنا بەکەین، لە هەمانکاتدا موسیکی کوردی گەلێک دەوڵەمەندە و من بۆ خۆم وەکو گوتم ساز دەژەنم. (سەنگەر)ی براشم دەف و ساز و تەپڵ دەژەنێت. هەر بۆیە لەو بارەوە ئاسان بوو کە لە بارەی مۆسیکی کوردیەوە کەمێک رامان و زانیارمان هەبێت. کاتێک بابەتەکەمان ئامادە کرد لە پۆلەکەی خۆماندا بۆ مامۆستا و قوتابیەکانمان خوێندەوە و پارچەیەک لە مۆسیکی کوردیشم بۆ ژەندن. لە هەمانکاتدا بۆ هەموو قوتابی و مامۆستاکەمان هەلپەرکێیەکی کوردیشمان ئامدە کردبوو، بۆ ماوەی پێج خولەک هەمووومان گۆڤەندێکمان لە پۆلەکەماندا گێرا.

ئایا زمانی کوردی دەزانی... ئا هەوڵدەدەم کە زیاتر فێربم. خۆشم بە نووسینی کوردیەوە خەریک کردووە تا رادەیەک دەتوانپ بخوێنمەوە، بەلام هەموو ساڵێک من و دایکم و باوکم و براکەم دەگەرێینەو بۆ کوردستان، سەگەکەمان کە ناقوی( ئازا) یە دەیبەینە شوێنی تایبەتی کە پێی دەگوترێت ئوتێلی سەگان، تا ئەوکاتەی لە کوردستان دەگەرێینەوە، چوونەوەمان بۆ کوردستان، یاریدەدەرێکە بۆ فێربوونی بۆ

زمانەکەم، کاتێکیش کە دەگەڕێمەوە بۆ سوید تا ماوەیەکی زۆر هەر دڵم تەنگ و بیری کوردستان دەکەم.بەڵام گەڕانەوە بۆ لای (ئازا) خۆشییەکی گەورەم پێدەبەخشێ.

دوا ئاوات... چییە..؟ کوردستان ئازاد و بەرەو پێشەوە بچێت و منیش لە پاشە ڕۆژدا بەگەڕێمەوە بۆ کوردستان و بەشداری لە ئاوەداکردنەوەی کوردستاندا بەم.

سوپاس.

مۆسیکی کوردی....!

کوردستان خاوەندی گەنجینەیەکی مەزنی مۆسیکە، سەرەتای دەسپێکردنی بۆ هەزاران ساڵ، پێش زاین دەگەڕێتەوە.

موسیک هەمیشە دەربڕینی خەونەکان ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە، ئەمە نەک تەنیا لە نێو دەنگێژەکاندا، بەڵکو بۆ گەلی کوردیش هەمان ڕۆی وازیکردووە. بەم جۆرەش موسیک بۆ گەل بۆتە ئاوێنە و ڕەوش و سەردەمەکانی خۆی تێدابینیوە. مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ هەموو شێوەکانی هۆنراوە و زۆربەی ڕووداو و کارە وێژەییەکان لە ڕێگای موسیکەوە، کراونەتە گۆرانی و بە هەموو شوێنێکدا بلاوبوونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم میتۆدە ڕێگایەکی باش بووە بۆ بلاو بوونەوە و لەنێونەچوونی ڕووداو و بەسەرهاتەکان. بەلام لەبارەی کات و سەردەم و نەشونماکرنی مۆسیکی کوردیەوە بۆ چوونێکی دیار و نەگۆڕ نییە. هۆی ئەوەش بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی مێژووەکە دەماو دەم و پشتاو پشتە. واتا، بە نووسین یاداشت نەکراوە.

مۆسیکی کوردی بە شێوەی جۆراو جۆر، لە ڕێگای هۆنراوەوە و شایی و ئاهەنگ و هەندێ بۆنەی ترەوە، سەریانهەڵداوە.

بەکارهێنانی موسیک لەلای کورد، گەلێک لەو شێوەیە جودایە کە ئێمە لە خۆرئاوا بەکاری دەهێنین. ستران لای کوردان، بەشێوەیەکی زۆر بەربلاوتر لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێرێن.

بۆ نمونە لە نێو کورداندا گۆرانی بۆ شین و پرسە بەکاردەبرێت. موسیک و گۆرانی بە ئازادی لە هەموو شوێنێکدا گوێبیستی دەبیت. زۆرجار ئەو گۆرانیانە خۆبە خۆیە و بەبێ هیچ دەنگی ئامێر و ئینسترومێتێک دەگوترێت. هەندێک جار مرۆڤێک کە گۆرانی دەچڕێ، بە تایبەتی ئەگەر گۆرانیەکە بۆ پرسە و دڵتەنگی بێت، ئەوکات تێکستی هۆنراوەکە تێکەلاویەکە لە هۆنراوەیەکی دینی یان ئیسلامی.

لە کولتور و دابونەرێتی کوردیدا، خەڵکی سالانە چەند ڕۆژ لە ڕۆژەکانی ساڵ، بۆ پشودان دەست لەکار هەڵدەگرن، لەگەڵ کەس و کار و هاوڕێیاندا، ڕوو لە دەرەوەی شار دەکەن. ئەم دابوونەرێتەش هەلێکە بۆ بینینی دۆست و هاوڕێیان، کە بە خواردن و خواردنەوە و هەڵپەڕکێ و گۆرانی دەیبەنەسەر. ئەم خەڵکانە پێویست ناکات، تەیپ و سیدێ و کاسێت، بۆ بیستنی گۆرانی لەگەڵ خۆیاندا بەرن. مرۆڤ شتی لەمەمانە باشتری بۆ دەلوێت. ئەویش بوونی گۆرانی بێژە گەلەریەکانە (سترانبێژ) کە هەمیشە لەو سەیرانگایانە ئامادەن، کە بە شێوەی زیندوو مۆسیک و گۆرانیەکانیان دەچڕن. ئامێری مۆسیکەکانیان بریتییە، لە دەهۆڵ، تەپڵ، زوڕنا، و نەی. کە مرۆڤ دەخەنە سەماو هەڵپەڕکێ باویە کوردیەکانەوە .

هەروک گوتمان:"موزیکی کوردی گەلێک بە تەمەنە.سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی سەرووی مێسۆپۆتامیا. بۆ سەردەمی (هۆریانەکان) کە هەزاران ساڵ بەر لە زایین سەریانهەڵداوە.لەو ناوچەیەی کە ئاماژەمان بۆکرد، کۆنترین ئامێر دۆزراوەتەوە. ئەو ئامێرانەش سەرەتاو دەسپێکی ئەو ئامێرانەن کە ئێمە ئەمرۆ لەبەرچاوماندان و بەکاریان دەهێنین. بێگومان ئەم ئامێرانە بە پێی سەردەم و کات و میلۆدیەکان ئالوگۆیان بەسەدە هاتووە.

میسۆپۆتامیا به (لانکەی شارستانێتی) ناوزەدکراوه. تا ئێستا کۆنترین پەرتوک و وێژەمان لەم ناوچەیه بەدەستکەوتووه. بەلام مەخابن مرۆڤ له بارەی بەرەوپێش چوون و پەرەسەندنی مۆسیک و گۆرانیەوه هێنده زانیاری ئەو سەردەمانەی لەبەر دەستدا نییه. بەلام دوورنیه و پێدەچێت ئەو سەردەمەش، هەروک شێوه بەکارهێنانەکەی گەلی کورد دەماودەم بووبێت. نابێت ئەوەشمان له یاد بچێت که کەمی ئەو دۆکۆمێنانەش هۆکەی دەگەرێتەوه بۆ نەبوونی( نووسین ) لەو سەردەمانەدا که مرۆڤەکان چۆن ژیاون.

مرۆڤ زۆر کەلوپەل و وێنه و بابەتی بۆیەکاریان دۆزیوەتەوه، بەلام، تاکو ئێستا برێکی گەلێک کەم لەبارەی مۆسیک و ستراندەوه بەدەستمان گەیشتوون.

هەرەک لەسەرەوه باسمانکرد، جودابیەکی بەرچاو له نێوان کورد و خۆرئاودا، له بەکارهێنانی موسیک و ستران له بۆنەکاندا هەیه. مرۆڤ دەکارێت بێژێت که بەکارهێنانی موسیک و ستران له نێو کوردا بۆ بۆنەکان گەلێک (لیبرال) تره لەو شێوەیەی که له خۆرئاوا بەکار دەهێنرێت. ئەو شێوەیەیی که له خۆرئاوا بەکار دێت مرۆڤ دەکارێک تارادەیەکی کەم (کۆسێرڤەتیف)_انه چاوی لێبکات. لێره واتا له خۆرئاوا پێش وەخت پرۆگرام کراون کەی گوێبیستی مۆسیک و گۆرانی ببن .بەلام له کوردستان مرۆڤ دەکارێت موسیک و گۆرانی، وەک گرونێدێک له کاتی دانیشتن له ریستۆرانگێکدا بۆ نانخواردن به دەنگێکی بەرز گوێبیست ببێت. بەبێئەوەی که ببێته هۆی نائارامی دانیشتوان. بۆ نمونه له (سوید) ئەو شوێنەی که گەرەکته بۆ خواردن لێی دانیشیت دەبێت شوێنێکی بێدەنگ و هێمن مێزەکەت رازاوه بێت. بەلام مرۆڤ له کوردستان به مویسیک و ستران ئەتمۆسفێرێکی هێمنی و پشودان دەرەخسێێت.

ئەو جۆره کولتورەی کوردستان که رامانمان لەسەر کرد، لێره لە(سوید) پەسەند نییه و نامۆیه. بەو نمونەیەشدا، ئەو جیاوازیانه تێدەگەین.

ئێمه وای بۆ دەچین، فاکتەری ئەم جیاوازیانه دەگەرێتەوه بۆ هەبوونی ئەو هەموو جۆره ستران و میلۆدیه جۆراو جۆرانه که له کوردستاندا هەن. له هەمانکاتدا بوونی کۆمەلێک زاراوەی جۆراو جۆر له زمانی کوردیدا. هەر لەبەر ئەمەشه که لەکوردستاندا گۆرانی و پیاهەلدان بەسەر مرۆڤ و هەموو بۆنه جۆربەجۆرەکان هەیه. له هەریەکێک له زاراوەکانی زمانی کوردیدا، رێچکەی تایبەتی به ستران و موسیکی خۆی هەیه. بەلام ئەمەش وایکردووه که هەر کەسێک گوهداری گۆرانی زاراوەکەی تر ببێت. له هەندێک جاردا تێکستی گۆرانی هێنده بەگرنگ ناگیرێت، به تایبەتی له ستران و ریتمه خێراکاندا. لەراستیدا ئەو گۆرانیه خێرایانه له چاو تروکاندنێدا مرۆڤ دەخەنه گۆڤەند و سەماوه.

زۆربەی گۆرانیه کوردیەکان، پێش ئەوەی که بچرێن به ئامێری جۆرا و جۆری مۆسیک دەستپێدەکەن، پاش لێدان و پێشەکی ئینجا گۆرانیه دەچرن.

ئامێره ئاساییەکانی مۆسیکی کوردی که دەژەنرێن:(بلور، نەی، دووزەله، بالەبان، زورنا، دەف، تەپڵ، تەمبوور، دەهۆڵ، تار، و ساز ). موسیکی کوردی به ئامێره فووەکان دەولەمەنده. یەکێک له گۆرانیبژ بەناو بانگ و (گەلکێش) _ەکان (Popular) کانی کورد ناوی حەسەن زیرەکه. لەسالی 1921 له هەرمیلەی سەر به شاری بۆتان له خۆرهەلاتی کوردستان له دایک بووه .ئەم سترانبێژه له ماوەیەکی کورتدا، ناوبانگی له هەموو کوردستاندادەکرد و ناسرا. ئەم هونەرمەنده نزیکەی 3000 گۆرانی کوردی چریوه، (ئەم گۆرانیانه هەموویان تۆمار نەکراون) ئەم مرۆڤه نەیتوانیوه نه بنوسێ و نه بخوێندێتەوه، واتا نەخوێندەوان بووه.

حەسەن زیرەک رۆلێکی مەزنی له گۆرانی و مۆسیکی کوردیدا گێراوه ،به تایبەتی لەو دەمانەدا که له هەندک پارچەی کوردستان زمانی کوردی یاساخ بووه. زیرەک لەسەر گۆرانیەکانی لەلایەن داگیرکارانی کوردستانەوه توشی گرتن و ئەشکەنجەدان بۆتەوه. بەلام سوپاس بۆ زیرەک که توانیویەتی زۆر له گۆرانی و میلۆدیه کوردیەکان له نەمان رزگار بکات و ناسنامەی کوردیان بۆ بگەرێنێتەوه.

**زیرەک لە ساڵی 1972و لە تەمەنی 51 ساڵاندا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دووایکرد و لە شاری بۆکان بە خاکسپێدرا. تا رۆژی ئەمرۆش زیرەک یەکێکە لە کەڵە هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان. زۆر لە گۆرانی بێژەکانی ئەمڕۆ لەسەر گۆرانیەکانی زیرەک میلۆدی نوێیان چاکردووە، یان هەر لاسایی ئەو دەکەنەوە.**

07.03.24

**ستۆکهۆڵم.**